# هەنگاو
# بە
# هەنگاو

بەرگی یەکەم

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی «هەنگاو بە هەنگاو»
© 2002 Committee for Children, USA
Second Step, third edition
www.cfchildren.org

تەرجەمەی شێرکۆ کرمانج
ئامادە کردنی کۆمەک
www.komak.nu
2006

هەنگاو بە هەنگاو

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### دەربارەی بەشی یەکەم

ئامانج لەم بەشە، پەرەپێدانی هاوسۆزیە لەلای منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی گرنگی توانا و ڕەفتاری جڤاکدۆستانەی منداڵە و هەروەها نیشانەی توانایەتی لە دۆزینەوە و بڕیار دانی ڕێگەچارەی کێشەدا.

ئەو منداڵەی پەی بە هەست و سۆز دەبات، بەرەو وەلانانی کینە و شەڕەنگێزی دەچێت و خاستر لەلایەن منداڵی هاوپۆل و هاوتەمەنەوە پەسەند دەکرێت.

ئەو منداڵەی هەست و سۆزی بەرانبەر دەرک دەکات، لە پەیوەندیی جڤاکیدا سەرکەوتووترە و بۆ نموونە لەم خاڵانەدا تواناترە:
دیاری کردنی هەست، ئەمیان بریتییە لە:

- ناسینەوەی هەستی خۆی لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناونان لەو هەستانە.
- ناسینەوەی هەستی بەرانبەر لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناونان لەو هەستانە.

جودا کردنەوەی هەستێک لە هەستەکانی دیکە.
وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، ئەمیان بریتییە لە:

- دەرک کردنی ئەوەی کەسانی جیاواز بۆچوون و هەستی جیاوازیان بەرانبەر دۆخێکی تایبەت هەیە.
- خوێندنەوەی بارودۆخ لە ڕوانگەی بەرانبەرەوە، نەک تەنها لە ڕوانگەی خۆوە.

میهرەبانی بەرانبەر کەسانی دیکە، ئەمیان بریتییە لە:
پێشاندانی هەست و هاوسۆزی و پەرۆشی بەرانبەر کەسانی دیکە.

### خاڵی سەرەکی

**چەمکی زمان**
لە وانەکانی بەشی یەکەمدا فێری ئەو چەمکە زمانیانە دەبین کە پەیوەندییان بە شێوازی ئەنجامگیری و ڕەخنەوە هەیە.
زۆربەی هێما زمانییەکانی ئەم وانانە بۆ مەبەستی شی کردنەوەی سۆز تەرخان کراون.

**دیاری کردنی هەست**
دیاری کردنی هەست، چ لای خۆ و چ لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و ڕێ خۆش دەکات بۆ بڕینی بەشەکانی دیکەی ئەم بەرنامەیە. گەر مرۆڤ پەرۆشی هەستی بەرانبەر نەبێت چ هاندەرێک نامێنێت بۆ چارەی کێشەی جڤاکی و بۆ جڵەو گرتنی تووڕەیی. نیشانەی فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن.

وانەکانی بەشی یەکەم لەم باسانە دەدوێن: وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، سەرنج دانە وێکچوون و جیاوازی، دانوستاندن لەگەڵ هەستدا، پێشبینی لە هەستی بەرانبەر و هەروەها پێشاندانی پەرۆشی.

### وانەکانی بەشی یەکەم

-1 دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی – دەربارەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» و گفتوگۆی نێو گروپ.

-2 دیاری کردنی هەستی بەرانبەر – سەرنج دانە نیشانە و سەرەداوی فیزیکی و زارەکی بۆ دیاری کردنی هەستی بەرانبەر.

-3 گەڕان بە دوای نیشانەی دیکەدا - سەرنج دانە نیشانە و سەرەداوی دۆخەکی، فیزیکی و زارەکی بۆ دیاری کردنی هەستی بەرانبەر.

-4 دیاری کردنی هەستی خۆمان – وردبوونەوە لە چۆنەتیی سوود وەرگرتن لە نیشانەی ناوەکی و دەرەکی بۆ دیاری کردنی هەستی خۆمان.

-5 گفتوگۆ دەربارەی هەست - دۆزینەوەی کەسێکی گەورەساڵی هاوسۆز و جێباوەڕ، باسی هەستە تاڵەکانی لەلا بکەیت.

-6 وێکچوون و جیاوازی – پەی بردن بەوەی دەکرێ مرۆڤی جیاواز بەرانبەر هەمان دۆخ هەستی جیاوازیان هەبێت.

-7 گۆڕانی هەست – وردبوونەوە لە چۆنەتیی گۆڕانی هەست لای مرۆڤ.

-8 پێشبینیی هەست - پێشبینی لەو هەستەی ڕەفتاری خۆم یان هەر کەسێکی دیکە دروستی دەکات لای کەسی بەرانبەر.

کاتی تەواو بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی «ڕۆڵوازی و چالاکی» تەرخان بکە و چاک لە سیناریۆکان بگە. هەوڵ بدە بەسەرهات و سیناریۆکان لەگەڵ بەسەرهات و ئەزموونی تایبەتیی خوێندکاراندا بگونجێنیت. گەر دەزانیت خوێندکاران توانای خوێندنەوەیان هەیە، بەشەکانی «ڕۆڵوازی» و »چالاکی« یان بۆ کۆپی بکە و هەر خوێندکارێک بەشی خۆی بدەرێ کاری لەسەر بکات.

### چەمکی زمان

گفتوگۆ دەربارەی هەست، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی هاوسۆزی و هونەرەکانی دیکەی پێویست بۆ چارەی کێشە (Spivack and Shure, 1974). لە هەموو وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» دا، سەردێڕێکی تایبەت هەیە بە «چەمکی زمان» بۆ دیاری کردنی شاچەمکەکانی ئەو وانەیە. ڕەنگە زۆربەی ئەو چەمکانە وشەی نوێ نەبن بەڵام واتا و بەکار هێنانی تازە وەردەگرن.
چەمکە زمانییەکان بریتین لە:
بۆ ئەوەی منداڵ فێری دیاری کردن و جودا کردنەوەی هەست بێت دەبێ فێر ببێت فڵانە هەست «چییە» و «چی نییە»، بۆ نموونە: کارزان دەترسێ، نەک سەرسامە.

- پەیوەستەی «وێکچوو – جودا» یارمەتیی منداڵ دەدات دەرکی دۆخە جوداکانی هەست بکات. بۆ نموونە: «ئاراز لە ئاو دەترسێت، شیلان مەلەی لەلا خۆشە. ئەم دووانە دوو هەستی جودایان هەیە بەرانبەر هەمان بابەت. دەشکرێ هەمان منداڵ بەرانبەر هەمان بابەت بەدەم کاتەوە هەست بگۆڕێت.

- پەیوەستەی «ئێستا - دوایی، پێش – پاش، جاروبار – بەردەوام» یارمەتیی منداڵان دەدات سروشتی گۆڕانکارانەی هەست دەرک بکات. بۆ نموونە: «نەسرین ئێستا پێی خۆش نییە لە دەرەوە یاری بکات، لەوانەیە دواتر پێی خۆش بێت.» «مەریوان پێش سەفەر خەمبار بوو، پاش سەفەرەکەی شاد بوو.» «ڕێزان جاروبار پێی خۆشە تەنیا بێت نەک بەردەوام».
وردەکاری، تەمەن و زانیاریی دیکە ڕەنگە کار لە گۆڕینی هەست و خواستی مرۆڤ بکەن.

- پەیوەستەی «ئەگەر - ئەوسا، بۆچی – لەبەر ئەوەی» منداڵ فێری بیرکردنەوەی ئەنجامگیرانە دەکات. «ئەگەر من لەو بدەم لەوانەیە بگری» یان «ئەو ئازاری پێگەیشت، چونکە من لێمدا».

لیستی بەشی یەکەم: ترسان، تووڕە، پێش – پاش، گۆڕان، نیشانە، گفتوگۆ، بێز هاتنەوە، شاگەشکە، هەست، شێتگیر، شاد، ئازار، ئەگەر – ئەوسا، دەبێ – نابێ، ئێستا – دوایی، خۆ نواندن، ڕۆڵوازی، ڕێسا، خەم، وێکچوو – جودا، بارودۆخ، ساکان، باوەڕ، بۆچی – چونکە.

سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

Spivack, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children:*
*A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Francisco: Jossey-Bass.

**بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی**

## پاشماوەی «دەربارەی بەشی یەکەم»

### تێبینی دەربارەی ئاستی گەشە سەندن

بابەتی تایبەت و ناساندن

هاوسۆزی لای منداڵ هۆکار و بنەمای هەیە، بۆ نموونە دەرک و ناسینی هەستی خۆ و کەسانی دیکە، تێگەیشتن لە هۆکاری هەست و دەربڕینی دروست.

بەهای فەرهەنگی کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و دەربڕینی هاوسۆزی هەیە. ڕەنگدانەوەی هاوسۆزی لەم فەرهەنگەوە بۆ ئەویان جیاوازیی هەیە.

بەگشتی، منداڵ ئەو کاتەی دەست بە خوێندن دەکات:

- هەستی خۆی و کەسانی دیکەی دەناسێتەوە
- هۆکاری هاوکۆی هەستەکان دەناسێتەوە
- پەی دەبات بەوەی دەشێ هەستی خۆی و هەستی بەرانبەر جودا بن
- تێ دەگات کە دەشێ مرۆڤ لە یەک کاتدا زیاتر لە یەک هەستی هەبێت
- تێ دەگات کە ڕەفتار هەیە مەبەستی لە پشتە، هەیشە بێمەبەستە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی خوێندکارانی پۆلەکانی سەرەتایی پەی دەبەن بەوەی دەکرێ مرۆڤ لە یەک کاتدا چەندین هەستی جودای هەبێت، کەچی کەمیان دەتوانێت بە جوانی نموونەیەکی تایبەت ڕاڤە بکەن.

لە قۆناغی سەرەتاییدا:

- توانای هاوسۆزی لای منداڵ خێرا پەرە دەستێنێت.
- منداڵ دەتوانن ڕوانگە و دیدی کەسانی دیکە تێبگەن.
- هەتا دێ جیاوازییان لە بواری هاوسۆزیدا فرەوانتر دەبێت.

### گرنگیی ئەم بەشە

نزمیی هونەری هاوسۆزی، پەیوەستە بە خاڵی وەک لاوازیی توانای جڤاکی، بەرزیی ڕادەی دڕی و توندوتیژی و هەروەها کزیی لە خوێندندا.

### گواستنەوەی زانیار

«گواستنەوەی زانیار» سێ هەنگاون - بڕوانە «ڕێنامەی مامۆستا»، بیانکەرە یاریدەرێکی منداڵەکان ڕووەو گشتاندنی هونەرەکانی هاوسۆزی.

**خەیاڵی ئەمڕۆ:** لە سەرەتای ڕۆژدا یارمەتی خوێندکاران بدە کاتێک دیاری بکەن بۆ پیادە کردنی ئەو هونەرەی تازە فێری بوون، بۆ نموونە بپرسە:

- ئەمڕۆ، کەی هەموو خەریکی هەمان کار دەبین؟ (لە وانەی ماتماتیکدا).
- ئەدی کەی خەریکی کاری جیاواز دەبین؟ (لە وانەی چالاکیدا).
- کەی هەست بە ئارامی دەکەیت؟ (کاتی فراڤین، کاتی پشوو).

**ڕاهێزانی ڕەفتار:** بەدەم خوێندن و کارەوە، دەرفەتی ڕاهێزانی ڕەفتار پەیدا دەبن. ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ خوێندکاران، تا توانای هاوسۆزیی خۆیان بخەنە کار:

- بە بڕوای تۆ، لەیلان هەست بەچی دەکات؟ (تووڕەیە) چۆن دەزانیت تووڕەیە؟ مۆنە و باسکی ڕاستوچەپ لە باوەش گرتووە. (نیشانەی هەست).
- تۆ بە تەنێ گشت پرۆژەکەت تەواو کرد! ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟ (پەیوەندیی نێوان هۆکار- ئەنجام)
- شیلان خەمبارە و تۆش دەچیتە لای و پێکەوە تەماشای کتێبێک دەکەن. دەبێت ئێستا هەست بەچی بکات؟ (هەست گۆڕین)
- گەر ڕاستگۆ لە گەمەکە وەدەرنێیت، ئەوسا ئەو هەست بە چی دەکات؟ (پێشبینیی هەست).

**یادی ئەمڕۆ:** پرسیار لە خوێندکاران بکە بزانە ئەمڕۆ توانایەکی تایبەت بە هاوسۆزییان بەکار هێناوە:

- کێ ئەمڕۆ هەستی بە خەمباری کرد؟ بۆچی تۆ هەستت بە خەمباری کرد؟.
- کێ هەستە ناخۆشەکانی خۆی لەگەڵ کەسێکی دیکەی جێباوەڕ گۆڕییەوە؟
- کێ ئەمڕۆ هەستی بەرانبەر بە بابەتێک یان شتێک گۆڕا؟

بە گونجاندنی «گواستنەوەی زانیار» لە کاتی دەوامی فێرگەدا، دەتوانیت یارمەتی خوێندکاران بدەیت تا فێر ببن خۆیان ئارام بکەنەوە، ڕێگەچارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و ئەم هونەرانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاربهێنن.

### چالاکیی دیکە

ئەمەش چەند پێشنیارێک بۆ تێهەڵکێشانی بابەتەکانی بەشی یەکەم لەگەڵ بابەتی دیکە:

1- «گەڕیانەلیست running list» (لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا) یێک بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من زۆر شاد بووم کاتێک کە...». ئەوجا با خوێندکارێک ڕستەکە تەواو بکات و هەوڵیش بدات وێنەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕستەیە پەیدا بکات (زمان و هونەر).

2- داوا لە خوێندکارانی پۆلەکەت بکە بۆ هەر وشەیەکی لیستی هەستەکان وێنەی ڕوخسارێک بکێشن ڕەنگدانەوەی هەستەکە بێت. (هونەر)

3- باس لە زیندەوەرانی ژینگەی هەمەجۆر بکەن، وەک جەنگەڵستانی زۆرباران، بیابان، خولگەی باکوور، جەنگەڵەستانی کەمەری زەوی (ئێکڤاتۆر) و هتد. هەروەها بۆچی فلانە گیانەوەر لە ناوچەی زۆر تایبەتدا دەژی. هۆکارەکانی چین؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

4- داوا لە خوێندکاران بکە ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەنەوە. پاش ئەوەی خوێندکاران بە پێوە یان بە دانیشتن لەسەر کورسییەکانیان بەرخوردیان لەگەڵ پرسیارەکان کرد، داوایان لێبکە بزانە هەر گروپە ژمارەیان چەندە. کۆتایی بە هەر بۆشاییەک بهێنە بە، بۆ نموونە:

- .......... (ژمارە) کەس بەرچایی وەک .......... (فلانە خوێندکار) خواردوە.
- .......... (ژمارە) کەس بەرچایی جیا بووە لەوەی ........... (فلان).

ئەمە بۆ هەر یەکێک لەو نموونانەی خوارەوە دووبارە بکەوە:

- ئەگەر جلی سوورت لەبەرە، هەستە سەر پێ
- ئەگەر خوشکت هەیە، هەستە سەر پێ
- ئەگەر سەگتان هەیە، هەستە سەر پێ (ماتماتیک)

5- داوا لە خوێندکاران بکە وێنەی خێزانی خۆیان بێنن و «کۆلاژی خێزان» لێ ساز بکەن. ناوی مرۆڤ بنووسن لەگەڵ نووسینی ئەو هەستەی وێنەکە دەریدەبڕێت. هانی خوێندکاران بدە وێنەی وا بێنن دەربڕی هەستی *شادی* نەبن. (جڤاکی، هونەر، زمان، هونەرەکانی زمان)

6- کاتێک کە بەدەنگێکی بەرز چیرۆکێک دەخوێنیتەوە، جارجار وچانێک بگرە و بپرسە داخۆ کارەکتەری سەرەکیی ناو چیرۆکەکە هەستی بە چی دەکرد. لێیان بپرسە داخۆ بە چ ڕا دەزانن؟ هەروەها لێشیان بپرسە داخۆ پێشبینی دەکەن چی ڕوو بدات لە چیرۆکەکەدا و لەوە بدوێن چۆن کار دەکاتە سەر کارەکتەرە سەرەکییەکە، بەپێی ڕووداوەکان. (زمان، هونەرەکانی زمان)

7- داوا لە خوێندکاران بکە وێنەی کەسانی ناودار لە ڕۆژنامە و گۆڤاران ببڕن و «کۆلاژی ناودارانیان» لێ ساز بکەن بە شێوەیەک هەستی جیاجیا لە ڕوخساری مرۆڤدا بەدی بکرێن. (هونەر)

8- ڕێگەی هەمەجۆر بدۆزەرەوە بۆ ڕاهێزانی چەمکی وێکچوو – جودا، بۆ نموونە: پشوو بۆ ئەوانەی ڕەنگی کراسەکانیان لە ڕەنگی کراسەکەی تۆیە یان ڕەنگی پێڵاوەکەیان لەوەی تۆ جودایە. (زمان، هونەرەکانی زمان)

9- داوا لە خوێندکاران بکە لەسەر پارچە کاخەزێک یان کارتۆنێکی گەورە پاڵکەون و بە لەش و جەستەیان هەستێکی تایبەت دەرببڕن. هێڵکارییەکی شێوەکە بکەو داوا لە خوێندکاران بکە هێڵکارییەکە بە ڕواڵەتی وا کە لەگەڵ هەستەکە گونجاو بێت پڕ بکەنەوە. (هونەر)

10- سندوقێکی «دەستی لێ بدە و بزانە چییە» ساز بکەن. کاڵای وەهای تێ هاوێژە کە شێوەی سەیریان هەبێت، بۆ نموونە کاخەزی سمارتە (سمپارە)، پەڕەمووچ، قوڕەچەورە، هەڵمات و زیندەوەری وشکێنراو. با هەریەک لە خوێندکاران دەست بکەن بە سندوقەکەدا و تەنها بە دەست لێ دان ناوی ئەو شتانە هەڵ بهێنن. گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن مرۆڤ نیشانە و سەرەداو بەکار دێنێت بۆ دۆزینەوەی وەڵام. (سروشتناسی و بیری ورد).

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

### کتێب

گەر کتێبی کوردیی لەبارت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێیی سوودمەند بن.


© 2002 Committee for Children, USA

**بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی**

## وانەی یەکەم: دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی

### چەمک
تێگەیشتنی کەسانی دیکە، چارەی کێشە و جڵەو گرتنی تووڕەیی توانا و هونەری پێویستن و دەشێت فێریان بین.
گفتوگۆی نێو گروپ پێویستی بە ڕێسا هەیە.

**چەمکی زمانەکی:** *گفتوگۆ، ڕێسا، هەست*

### ئامانج
خوێندکار فێر بێت:
- ڕێساکانی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ لە پۆلدا دەربڕێ و پێشان بدات،
- وشە ئاسانەکانی هەست دەربڕین بناسێتەوە

### پێداویستی
- دوو پەڕە کاخەزی گەورە و قەڵەمێکی ماجیک
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1: دەربارەی *هەنگاو بە هەنگاو*: بەرنامەی خوێندنی ڕێگرتن لە توندوتیژی.

### ئامۆژگاری بۆ مامۆستا
گەر خوێندکاران لایان سەخت بوو بیرۆکەبارانە دەربارەی ڕێساکانی گروپکاری ساز بکەن، پرسیاری ڕێنوێن ئامادە کراون. خوێندکار گەر لە دارشتنی ڕێسادا بەشدار بێت، پتر ئامادە دەبێت ڕێز لە ڕێساگەلە بگرێت و هەروەها کەژی هاوکاریش لەبارتر دەبێت. ئەگەر پێشتر لە پۆلدا ڕێساکان دامەزراون، ئێستا پێیاندا بچۆوە. لەوانەیە بەشی «چیرۆک و گفتوگۆ» بۆ هەندێک پۆل کورت بێت، ئەو دەم بەشی «چالاکیی دیکە» دەبێتە یاریدەر.

ئەگەر فێرگەکەت بەرنامەی خوێندنی زارۆخانەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاردێنێ، ئەوە دەتوانی «توولەی جرین» یان لێوەرگری و بۆ ئەم وانەیە بەکاری بێنیت. بۆ چۆنیەتیی بەکار هێنانی بووکەڵە بڕوانە پاشکۆی H ی «ڕێنامەی مامۆستا».

### چیرۆک و گفتوگۆ
(فۆتۆکە پێشان بدە.) ئەم ساڵ ئێمە پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاردێنین. هەر وانەیەک فۆتۆ و چیرۆکی خۆی هەیە، باسی لێ دەکەین، وەک ئەم وێنەیە. پاشان باسەکان بە ڕۆڵوازی و چالاکی پیادەیان دەکەین. ئەم باسانە فێرمان دەکەن باشتر لەگەڵ یەکدی هەڵبکەین و بگونجێین.
وانەکانی *هەنگاو بە هەنگاو* فێرمان دەکەن:
- هەستەکانی خۆمان و هەستی کەسانی دیکە بناسینەوە
- چۆن کێشە چارە بکەین
- چۆن تووڕەیی چارە بکەین

سەرەتا پێم خۆشە وەک گروپێک چەند ڕێسایەک داڕێژین تا لە وانەکاندا پەیڕەوییان بکەین. (ئەو ڕێسا پێشنیازکراوانەی خوارەوە بەکار بێنە یان یارمەتی خوێندکاران بدە خۆیان کۆمەڵێک ڕێسا داڕێژن لەگەڵ هەڵومەرجی پۆلەکەت ڕێک بن. ڕێساکان دانە دانە لەسەر کاخەزێکی گەورە بنووسە.)

1- دەتەوێت باس لە شتێکی گرنگ بکەیت بەڵام خوێندکارانی پۆلەکە هاوکات بەیەکەوە قسە دەکەن. هەست بە چی دەکەیت؟ (وەلانراو، نائومێد، خەمبار) ڕێسای باشی گفتوگۆ لە گروپدا چییە؟ (یەک یەک قسە دەکەین. گەر مەبەستتە قسە بکەیت دەست هەڵبڕە.)

2- تۆ گوێ لە کەسێک دەگریت و دەراوسێکەت دەستی لە شانت دەدا، هەست بە چی دەکەیت؟ (تووڕە). ڕێسای چاکی چارەی ئەم کێشەیە چییە؟ (بە ئارامی دانیشە. واز لەو کەسانە بێنە کە دەیانەوێ گوێ بگرن.)

3- تۆ دەستت بەرز کردووە و منیش ڕێگەم پێدایت قسە بکەیت، کەچی ئەوانی دیکە گوێ ناگرن. هەست بە چی دەکەیت؟ (خەمبار، نائومێد). ڕێسای چاک بۆ ئەمە چییە؟ (گوێ لە ئاخێوەر بگرە. تەماشای ئاخێوەر بکە.)

4- با ڕێساکان جارێکی دیکە بڵێینەوە. (وا لە خوێندکاران بکە چەند ڕستەیەکی ناتەواو بەپێی ڕێساکانی ناو لیستەکە تەواو بکەن.) ڕۆڵی ئێمە لە گفتوگۆ لەنێو گروپدا چییە؟ دەبێ چی بکەیت ئەگەر بتەوێ قسە بکەیت؟ ڕۆڵی ئێمە لە گوێ گرتن لەنێو گروپدا چییە؟ دەبێ چی بکەین تا پێشانی بدەین کە گوێمان گرتووە؟

5- ئێستا قسە دەکەین و ڕێساکان پیادە بکەین. باسی پشووی هەفتەی ڕابوردوو دەکەین. کێ دەست پێ دەکات؟ زۆرباشە، ......... دەستی بەرز کردووە. (بۆ ماوەی 3 - 5 خولەک لەسەر گفتوگۆکە بەردەوام بن، بە سوپاسەوە ئاماژە بۆ خوێندکارانە بکە کە ڕێساکانیان ڕەچاو کرد.)

6- ئەمڕۆ، لە چ کات و شوێنێکی دیکەدا ڕێساکانتان بەکارهێنا؟ (ئاماژە بەو کات و شوێنانە بکە کە خوێندکاران دەتوانن ڕێساکان بەکار بێنن.)

### چالاکی
چالاکی 1

وەرن خۆشیی لە گوێ گرتن وەرگرین. بە دەنگێکی ئاسایی بڵێ: گەر گوێت لێمە، هەستە سەر پێ. گەر گوێت لێمە، دەستت بەرزکەرەوە بۆ ئاسمان. بە دەنگێکی نزمتر: گەر گوێت لێمە، دەست بگەیەنە پەنجەی پێت. بە دەنگێکی لەوەش نزمتر: گەر گوێت لێمە، دەستت لەسەر سەرت دانێ. هێشتا نزمتر: گەر گوێت لێمە، دەستت لەسەر کەمەرت دانێ. بە چرپە: گەر گوێت لێمە، دەست بخەرە سەر شانت. بە ئاستەم دەنگت لێوە بێت: گەر گوێت لێمە، دانیشەوە. بە دەنگێکی زۆر هێمنانە بڵێ: بۆ تێگەیشتنی من، ئێوە بە چاو و بە گوێ، گوێتان لە من گرت بوو. بۆیە لەو کاتانەی لە گروپدا گفتوگۆ دەکەین هەمیشە من چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکەم.

چالاکی 2

بەشێک لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» بریتین لە ناسینی هەستەکان. ئەمڕۆ باس لەوە دەکەین هەستەکان چین. لیستێکی وشە دروست دەکەین بۆ هەستە جیاوازەکان. لە ماوەی ئەمساڵدا لەگەڵ فێربوونی هەر وشەیەکی نوێی سەربە هەست، لە لیستەکەدا تۆماری دەکەین. من دەڵێم «هەست بە شادی دەکەم»، *شاد* وشەی سەربە هەستە. هەستی تۆ بۆ بەرانبەر ڕوون دەکاتەوە.

ئایا هیچ وشەی دیکەی سەربە هەست دەزانیت؟

وەڵامەکان لەسەر پەڕە کاخەزێکی گەورە بنووسە و وێنەیەکی ساکاری دەربڕی هەستەکە لە بەرانبەری وشەکە بکێشە. خوێندکاران هان بدە بیر لە وشەی هاوتا بکەنەوە، وەک *شێتگیر/تووڕە، گێل/دەبەنگ*. ئەگەر پێتوایە خوێندکاران ئامادەن، هەوڵ بدە وردە جیاوازیی نێوان وشەی هاوتا باس بکەیت (بۆ نموونە: *تووڕە* کەمێک جودایە لە *شێتگیر*).

### ئەنجامگیری
ئەمڕۆ چەند ڕێسایەکمان دانا تاوەکوو کاتی گفتوگۆی نێو گروپ ڕەچاویان بگرین. لەسەر دیوارەکە هەڵیاندەواسم بۆ ئەوەی بە بیرمان بێنەوە. هەروەها دەستمان کرد بە نووسینی لیستی وشەی سەربە هەست. لەگەڵ فێربوونی وشەی نوێش ئەوانیش لە لیستەکەدا تۆمار دەکەین. من لە کاتی گفتوگۆماندا گوێ لە وشەی سەربە هەست دەگرم. ئێوەش دەتوانن یارمەتیم بدەن. ئەگەر لێرە یان لە ماڵەوە گوێتان لە وشەیەکی نوێی سەربە هەست بوو، ئاگادارم بکەنەوە تا بیخەمە سەر لیستەکە.

وانەی یەکەمی هەنگاو بە هەنگاو کۆتا بوو!

### بۆ ماڵەوە
نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1: دەربارەی *هەنگاو بە هەنگاو*: بەرنامەی خوێندنی ڕێگرتن لە توندوتیژی

### گواستنەوەی زانیار
پێش گفتوگۆ، داوا لە خوێندکاران بکە ڕێساکان بڵێنەوە. کاتێک خوێندکار ڕێسا ڕەچاو دەکات، ئافەرینی لێ بکە. تێبینیەکانت با تایبەت بن بە ڕەفتاری خوێندکار: «شاکۆ، من دەزانم تۆ گوێت گرتوە چونکە بە هێمنی دانیشتوی و ڕوو و چاوت لە من کردوە. ئافەرین».

ئافەرین لەو خوێندکارانە بکە کە وشەی سەربە هەستەکان بەکاردێنن. وشەکانیش بخەرە سەر لیستەکە.

### چالاکی دیکە
لە کاتی ئاسایی خوێندنەوەی چیرۆکدا، داوا لە خوێندکاران بکە هەستی کارەکتەرەکان دەستنیشان بکەن. بۆ نموونە: لە چیرۆکی گورگ و بزندا، کاتێک گورگەکە دەیەوێ ماڵی بزنەکە وێران بکات لێیان بپرسە داخۆ ئێستا بزنەکە هەست بە چی دەکات. لێیان بپرسە کامە وشە یان کامە بەشی وێنەکە هەستی پێشان دا. لەبیرت بێت هەمیشە وشەی نوێی سەربە هەست بخەرە سەر لیستی هەست.

بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی دووەم: دیاری کردنی هەستی بەرانبەر

### چەمک

یەکێک لە تواناکانی هاوسۆزی بریتییە لە دەستنیشان کردنی هەستی کەسانی دیکە، ئەویش لە ڕێی خوێندنەوەی نیشانەی فیزیکیی و زارەکییەوە.

**چەمکی زمانەکی:** *هەست، نیشانە، شاد، شاگەشکە، دەبێ – نابێ، خەمبار، ئازار، تووڕە/شێتگیر، هەڵچوون، خۆ نواندن، ڕۆڵوازی.*

### ئامانج

خوێندکار فێر بێت:

- لە ڕێی سەرنج دانە نیشانەی فیزیکی و زارەکییەوە وشەی سەربە هەستی وەک: شاد، خەمبار و تووڕە/شێتگیر ڕاڤە بکات.

### ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لە تەمەنی شەش ساڵیدا، توانای ئاشنابوون و ڕاڤە کردنی شەش سۆزە سەرەکییەکەی «شادی، خەمباری، تووڕەیی، ساکان، ترسان و بێز هاتنەوە» لای منداڵ گەشە دەکات. ئەم وانەیە جەخت دەکاتە سەر چەمکەکانی *شادی، خەمباری، تووڕەیی* لەگەڵ ئەو سۆزانەی پەیوەندیان پێیانەوە هەیە. وانەکە جەختیش دەکاتە سەر پەیوەستەی «دەبێ - نابێ» وەک چەمکێکی زمان. گرنگە مرۆڤ بزانێت باس لە کام هەستە و لە کام هەست نییە.

لەم وانەیەدا، منداڵ توانای «ناسینەوەی – سۆز» یان بەرفرەوانتر دەکەن. ئەوان نیشانەی زارەکی و نازارەکی بەکاردێنن بۆ ناسینەوەی هەستی کەس بەرانبەر. شێوەی دەربڕینی هەست لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک و لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک جودایە. لەگەڵ خوێندکاراندا پەردە لەسەر جیاوازییەکان لادە.

### چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لە هەست دەکەین. گەر مرۆڤ توانای هەبێت هەستی بەرانبەر بخوێنێتەوە، باشتر لەگەڵ خەڵک هەڵ و دۆستیەتی ساز دەکات. ئێستا وێنەی سێ منداڵتان پێشان دەدەم، یەک لە دوای یەک. گریمان تۆ دۆزکاریت و بە دوای نیشانەدا دەگەڕێی هەستی منداڵەکەت بۆ ڕوون بکەنەوە.

فۆتۆی «ئاریان» پێشان بدە. ئەوە «ئاریان»ـە

**1-** ئێستا ئاریان هەست بە چی دەکات؟ (شاد.)

**2-** کام نیشانەی سەر ڕوخساری ئاریان پێشانی دەدات شادە؟ (پێدەکەنێت. هەردوو ڕوومەتی بەرز بوونەتەوە. چاوەکانی خەریکە بچوقێن.)

ئاماژە بە فۆتۆی ئاریان بکە. ئەرێ، ئەو پێدەکەنێت. چاوەکانی خەریکە بچوقێن – خەڵک بەگشتی لە کاتی پێکەنیندا چاوەکانیان زەق ناکەنەوە. هەردوو ڕوومەتیشی بەرزبوونەتەوە.

بە ڕوخسار و لەش نموونەی کەسێکی شاد پێشان بدە. ئێستا، بە بەکار هێنانی سەرتاپای لەشت، هەستی شاد پێشانی دەراوسێکەت بدە.

**3-** ئایا چ نیشانەیەک لەسەر ڕوخسار و لەشی دەراوسێکەت دەبینیت شادی پێشان بدات؟

مرۆڤی «شاد» هەست بە خۆشی و باشی دەکات، مرۆڤی «شاگەشکە» زۆر شادە. هەستی شاگەشکەبوون پێشان بدە و ئاماژە بە نیشانەکانی بکە.

**4-** ئایا هیچ وشەی دیکەی هەست هەن بە مانای «شاد» بێن؟ (دڵخۆش، کامەران) ئەرێ، دەکرێ کاتێک کۆلارە هەڵدەدەیت هەست بە کامەرانی بکەیت. لەوانەیە بە خواردنی کەباب شاد بێت. لەوانەشە بە دیتنی برادەرێکت دڵخۆش بێت.

بۆ کارتی داهاتوو